# کورد لەسەردەمی جاهیلیدا..

((گەر نەتەوەیەك لەزبلّدانی مێژودا بیەوێت بەدوای جوانیدا بگەڕێت ئەوا ئەبەد نایبینێ))

**ئاکۆ محمد شوانی**

Shwani2000@hotmail.com

ڕەنگە مێژومان جیاواز لەمێژوی هەموو نەتەوەکانی تر پڕخوێناوی ترین و کارەسانبارترین و خۆخۆرترین نەتەوە بوبین لە ژیانی گەلانی مرۆڤایەتیدا لەسەر ڕوی ئەم زەمینە فراوانەی کە ئێستا مرۆڤایەتی تیادا دەگزەرێنن. پێدەچێت هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوبێت بۆ بەهیچ نەبونی تەوەیەك کە خۆی بە خاوەنی شارستانی میزۆپۆتامیا و چەندان هەزار سەدە بەشدار بوون لەم ڕێەوەی کە لەمێژە دەستی پێکردووە. لەهەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە ئێمەی خاوەنی ئەو مێژوە کۆنەو سەدان سالّ خەباتەی بۆ ئازای نەتەوەکەمان تێکۆشاوین,کە ئێستا زیاتر لە 40 ملێون کورد دەبین.بۆ هیمان بەهیچ نەکردوە؟.خۆ ئەگەر مێژوی دروسبونی دەولّەتانی دراوسێ هۆکاری لەتبونمان بێت ئەوا ئێمە زۆر لەوەو پێش و تلایش خاوەنی هیچ نەبوین و هەمیشە لەجەنگی بەردەوامدا بووین,ئەگەر کەسیش نەبوبێت بەگژیدا بچین ئەوا لەگەلّ خۆماندا وەشەڕ هاتوین! مێژومان مێژویەکی جەنگاویەو من قەد لەگەلّ ئەوەدا نیم کە میلەتی کورد میلەتێکی ئازادی خوازە.ڕەنگە سەرەکی ترین هۆکاریش بۆ ئەوەی کە بەهیچ نەبوین خۆمانین.ئەوەتا لەسەدەی بیست و یەکداو لەسەردەمی بەرزترین ئاستی تەکنەلۆجیاشدا ئێمە بەردەوام لەناوخۆماندا لەجەنگداین و هەمیشە ڕێخۆشکەری دوژمانان بوین لەپێناو داگیرکردنی ولاّتەکەماندا.بەداخەوە دەیلّێم ئێستاش ئێمە لەسەردمی جاهیلیەتدا دەژین.ئەوەتا لەم سەردەمەدا و لەچەند ڕۆژی ڕابردودا میلەتێکی خاوەن چەندان شارستانی کۆن و مێژویەکی دورو درێژ لەبەر قبولّنەکردنی دلّخوازی کچێك لەگەلّ کوڕێکدا وەك و سەردەمی پێش فیرعەونیەکان زیندە بەچالّ و بەردبارانی بکەین؟!.لەکاتێکدا خۆمان بەخاوەنی حکومەت و پەرلەمان دەزانین.ئەودەمەی (دووعا)بەردباران و نەعلەت بوو دەکرا حکومەت و پەرلەمان و یاساکانمان لەکوێبوون.هەلّوێست و ویژدانیان لەکام پایتەخت و کۆمپانیا و سەرمایە کۆکردنەوەبوو. ئەمە هەلّوێستی تەنها یەزیدیەکان نیە بەلّك و زۆرن ئەوانەی لەم شێوەیە بیردەکەنەوەو دەیانەوێت وابژین و ئینسانەکان بەو شێوەیە لەناوببەن.؟! لەکاتێکدا ئەم ڕوداوە زۆر بەسانای بەبەرچاوماندا تێپەڕ دەبێت و بێئاگایان لێ ی گوزەر دەکەین.بێ ئەوەی ئەو هەموو ڕێکخراو ناوەندانەی کە تایبەت بەژنان و مافی ئەوان هەلّوێست لەم ڕوداوانە وەربگرن و ڕێ لەو هەموو ئیمانانەی وولاّتەکەم بگرن کە ڕۆژانە دەبنە کەلاکی بێودان ترین ئاژەلّەکانی سەدەی بیست و یەك. دوای بینی ئەو وێنانەی ڕوداوەکە هیچ پاساوێك نیە بۆ ئەوەی بلّێن ئەوە شتێکی ئاسایی بوو ڕویدا بەلّك و ویژدانمان. دوعا دەلّێت هۆ کوردینە ئێوە ئێستاش لەسەردەمی جاهیلیەتدا دەژین.مەڕواننە گەڕەکەکانی فیرعەونەکانی سەدەی بیست و یەك بەلّك تەماشاکەن ڕۆژانە چەندا ڕوداوی هاوشێوەی ئیمان بەناوماندا گوزەر دەکەن و هزرمان تێر و پڕ دەکەن لەکوشتن و بەجاهیلبوونی نەتەوەیەك کە لەگەلّ دروسبونی ئینسانەکاندا هەولّدەدات و تاوەك ئێستاش هەر ناگاتە ئەو مەبەستەی کە دەیەوێت.چونکە گەر نەتەوەیەك لەزبلّدانی مێژودا بیەوێت بەدوای جوانیدا بگەڕێت ئەوا ئەبەد نایبینێ